مەسعود فەریقی:

کار بۆ پێکهێنانی پەرلەمانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین

هەوڵمان داوە حزبێک دروست بکەین کە لە حزبە سوننەتییەکان جیا بێت

بەهێزکردن و بەرەو پێشبردنی ئەو کیانە و ئەزموونی باشوور بە ئەرکی خۆمان دەزانین

◇ میدیا – ئەحمەد سەفا

مەسعود فەریقی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی پارتی سۆسیال دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حزبەکەی لە دەرەوەی وڵات، لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ میدیا، بارودۆخی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دۆزی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکە هەڵدەسەنگێنێ.

تا ئێستا حزبە سوننەتییەکان دروشم و ستراتیژییان ئەوە نەبووە کە لە سەر خاکی کوردستان خۆیان تاریف بکەن و هەمیشە لە ناوەندی ئێرانەوە ئەو ستراتیژییەیان داڕشتووە

مەسعود فەریقی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی پارتی سوسیال دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حزبەکەی لە دەرەوەی وڵاتە. ئەو وەک کەسایەتییەکی سیاسی لە ریزەکانی کۆمەڵە خەباتی کردووە و دوای جیابوونەوەکانی ئەو رێکخراوەش لە ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوبیرانی هەوڵیانداوە پارتێک دروست بکەن، لەو بارەیەوە دەڵێت "ئێمە هەوڵمان دا حزبێک دروست بکەین کە جیا بێت لەو حزبە سوننەتییانە و ئەو رێزبەندییەی کە دروست بووە، هەروەها جیهانبینییەکی لەسەر بنەمای سوسیال دیموکراتی بێت، بۆیە پارتی سوسیال دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدا". گوتیشی "جیابوونەکانی کۆمەڵە کە هاتە ئاراوە، بەشێک بە ناوی رەوتی یەکگرتن بە سەرکردایەتی عەبە دلێر دروست بوو، جا ئێمە وەک پارتی و ئەوان وەک کۆمەڵە لە پاش ماوەیەکی زۆر باس و هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و شێوازەکانی خەبات بۆ ئەمڕۆی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ئەو کۆمەڵەیە لەدایکبوو، کە نزیک بە یەک ساڵ و دوو مانگ بەسەر ئەو یەکگرتنەوەیەدا دەگوزەرێ".

مەسعود فەریقی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ میدیا ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵەکەیان لە بنەڕەتدا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی عەبدوڵڵای موهتەدی جیا بۆتەوە، "بەڵام ئی واشمان لەگەڵە کە قەت کۆمەڵە نەبووە". نیگەرانی خۆیشی لەوە دەردەبڕێت کە "تا ئێستا حزبە سوننەتییەکان دروشم و ستراتیژییان ئەوە نەبووە کە لە سەر خاکی کوردستان خۆیان تاریف بکەن و هەمیشە لە ناوەندی ئێرانەوە ئەو ستراتیژییەیان داڕشتووە"، گوتیشی "ئێمە پێمان وایە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە، واتە ئێمە کوردستان بە کولۆنی دەزانین و رێکخراوەکانی دیکەش تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەم لایەنە بخەنە بەرچاو کە زۆر ئەساسە بۆ بیرکردنەوە و نامۆ بوونی تاکی کورد لە زمان و کەلتوور و مێژووی کورد بە گشتی".

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە مەبەستی لە حزبە سوننەتییەکان چییە و کامانەن؟ فەریقی گوتی "مەبەستم لە پەیوەندییەکانی ناو ئەو رێکخراوانەیە کە لە ناو خۆیاندا گرفتاری جۆرێک خزمخزمێنەن، کە لە بنیاتدا یاسا و رێنمایی رێکخراوەیی لە گۆڕێدا نییە بۆ دامەزراندنی سیستەمەکە، بەڵکو ئەوە جۆری پەیوەندییە تایبەتییەکانە کە ئەوان رێکخستنی خۆیان لەسەر دادەڕێژن و ئەمە زۆر دەردێکی گران و ئازاردەرە، من بە گشتی قسە دەکەم، بەڵام دەکرێ بڵێم کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران شێوازی رێکخستنی لە ناوخۆ و دەرەوەدا بە سوننەتی دەزانم". گوتیشی "دەبێ ئێمە کار و تێکۆشانەکانمان، پەیوەندییەکانمان تا رادەی پێویست بە جەماوەر رابگەیێنین بە جۆرێک کە تێبگەن خەباتی ئێمە گوزارشت لە خواست و داخوازی ئەوان دەبێ بە شاراوەیی شت نەهێڵینەوە، واتە روانگەکانمان شەفافی تەواوی تێدا بێت، ئەوەی هەین ئەوە بە خەڵک نیشان بدەین و ئەوەی باوەڕی راستەقینەمان پێیەتی، ئەوە بە خەڵکەکەمان بڵێین، زۆر مەسەلە هەن کە خەڵک دەبێ هاوکات لێی ئاگادار بن و هەستی پێبکەن، کەچی زۆرجار خەڵکی ئێمە ماوەیەکی زۆر دواتر لە هۆکارەکان ئاگادار دەکرێنەوە، ئەوەش واقیع لە خەڵکی خۆ شاردنەوەیە، کە من بە شێوازی خەبات و پێداویستی تێکۆشانی نازانم، بەڵکو بە سوننەتی بوونی دادەنێم. مۆدێڕن بوونیش لەوەدایە کە لە پشت دیوارەکانەوە بڕیار نەدەی، ئەگەر قەرار وایە خەڵک ئازاد بن و تێکۆشانی ئێمەش بۆ خەڵکە، باشە ئەو خەڵکە ئازاد کەین لە بڕیارە و هەڵبژاردندا با خۆیان بەشدار بن، با کۆنگرەکان بە کراوەیی بگرین و خەڵک بزانن لە سەرچی قسە دەکەین، با بەشدار بن لەو دیالۆگەدا، ئەوڕۆ کەرەستەی پێویست لە دونیادا بۆ هەر کار و کردەوەیەک هەیە، ئەمە گرنگە کە لە میکانزمی نوێ و سەردەمیانە بۆ بەشداری زیاتری خەڵک کەڵک وەرگرین، زۆر جار دەبینین کە بە ناوی کاری مەدەنی، دەیان رێکخراو دروست دەکرێت، کەچی لە هەناویدا دەفتەری سیاسی ئەم حزبە، یان ئەو حزبە شاراوەتەوە، بۆیە ئەمە نەک مۆدێڕنیزەکردن و کارکردنی مەدەنی نییە، بەڵکو بە سوخرەگرتن و دەستێوەردان لە ئۆرگانێکی جەماوەرییە، مەدەنی با هەر مەدەنی بمێنێتەوە کەسانی دوور لە حزبەکان کار بکەن، چ مانای هەیە ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبێک لە بەڕێوەبەرانی رێکخراوێکی نا حکومی و ناحزبی و مەدەنیدا بەرپرس بێت؟ با ئۆرگان نەهادە مەدەنییەکان خۆیان بەڕێوەبەر بن، با رێگە بە پۆلۆلاریسم بدەین، چەق بەستووی حزب نەمێنێ، چ لە ناوخۆییدا و چ بۆ دەرەوەی رێکخراوێکی هاوتەریب".

"مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دروشمێکی سوننەتییە و دەبێت دروشمەکان ئەوە بن کە هێزی داگیرکار لە کوردستان نەمێنێت"

فەریقی جەختی لەوەش کردووە کە باوەڕیان بە ریفراندۆم و خەباتی مەدەنی و جەماوەری هەیە و ئەوەشی خستەڕوو کە هێزێکی پێشمەرگەشیان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا گوتی "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی دروشمێکی سوننەتییە و دەبێت دروشمەکان ئەوە بن کە هێزی داگیرکار لە کوردستان نەمێنێت". گوتیشی "ئێمە کۆلۆنین، داگیرکراوین، داخوازی ئەوەین کە هێزی داگیرکار وڵاتەکەمان بەجێبهێڵێت، چونکە بەو ئامرازانەی کە هەمانە زۆر راحەت خۆمان بەڕێوە دەبەین، حزبی ئێمەش وەک حزبەکانی پێشووی وڵات شەرم ناکەین، لە گوتنی ئەوەی کە ئێمە جیابوونەوەخوازین، یا پێمان بڵێن تەجزیە تەڵەب".

فەریقی ئاماژەی بەوە کرد کە "حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە زۆرینە زیاتر خوازیاری دیموکراتیزەکردنی سیستەمی سیاسی ئێرانن و لەو پێناوەدا هەوڵ دەدەن، بۆ دروستکردنی بەرەیەکی ئێرانی کار دەکەن و هەوڵ نەدراوە بەرەیەکی کوردی لە کوردستان لەدایک بێت"، گوتیشی "تا ئێستا ئەو حزبانە وەڵامی داخوازی ملیۆنان کورد نادەنەوە، کە لانیکەم لەسەر چەند خاڵ بەیەکەوە رێککەون، لە بەیاننامەی هاوبەشی چەند حزبێکیش کە جار بەجار دەردەچێت، زۆرجار لەلایەن خەڵکەوە هەست بە ناچاری و گومانێک دەکرێ لەو کارە هاوبەشە، چونکە خۆ پێ باشتر بوون لە ئەوەی دی و خۆ بە زلزانی و زۆر سەپاندنی لە ناو حزبەکانی ئێمەدا بە روون و ئاشکرایی دیارە، بۆیە ئەو حزبانە یەک ناگرن و حورمەتی داوای رەوای گەلەکەمان ناگرن". گوتیشی "تا کاتێک وشیاری خەڵک لەناو کوردستاندا وا نەبێ کە فشار بۆ رێبەران بێنێت، تا بەیەکەوە دانیشتن و ناچار بن تەنانەت ناوەڕۆکی دانیشتنەکانیان بۆ خەڵک بڵێنەوە، شتێک وەک بەرەی کوردستانی دروست ناکرێت".

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئەو هەموو جیابوونەوانەی کە لە پەیکەرەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە، چۆن دەکرێ لە بەرەیەکدا دیسان یەکبگرنەوە، فەریقی گوتی "دروستبوونی حزبی تازە نیشانەی بێ توانایی حزبەکانی پێشووە کە نەیانتوانیوە لەگەڵ سەردەم هەڵسوکەوت بکەن". لەبارەی ئەو حزبە بچووک و چەند کەسییانەش کە تازە دروستبوون، گوتی "دنیای ئەمڕۆ و ئەو کەرەستانەی بۆ بڵاوکردنەوەی بیری تازە و بارهێنان و پەروەردەکردن لەبەر دەستدان بە شێوەی نوێ کەڵک وەردەگرێ، کە لە رابردوودا بۆ حزبە دایکەکان نەبووە، بەڵام ئەوەی کە پاڵنەری دابڕان و جیابوونەوەکانی ناو حزبەکانە، نەبوونی دیموکراسی و سانترالیزمی دیموکراتیکی سەردەمی کۆنە وەک لەو حزبانە کاری پێدەکەن و سانترالیزمەکە بەهێز کراوە و دیموکراسییەکەش لە ناوچووە، ئەندامی خوارەوە کە بە سکرتێر بڵێ لەگەڵ ئەوەت نیم، خێرا پاش قۆڵی لێدراوە و بڕیارێکی لەسەر ساغ بۆتەوە، تا لە سیستەمی حزب نارازی بووی، خێرا دەر دەکرێی، رابیتە زۆر زاڵترە لە زابیتە لە نیو ئەو حزبانەدا، حزبێک کە بانگەشەی ئازادی بۆ خەڵک دەکات و لە ناوخۆدا زۆر توندوتیژ و ناوەندگرا بێت و رێگەی رای خۆدەربڕین بە ئەندامانی نەدات، دەبێتە هۆکاری سەرەکی دوور بوونەوە لە یەکتر. با حزب خۆی دابەش بکات بە چەند دامەزراوەیەک کە هەریەکەو کاری خۆی بکات، بێ دەستێوەردانی لایەکی دیکە، ئەمە ئەندامی حزب باشتر پەروەردە دەکات و مەترسی لە کار لابردن و دوورخستەوە لە ناو ئەندامامندا نامێنێ، حزبێک کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەمەو بەر دروست بووە، خۆی پێ پێشنەکەوێت و نەتوانێت بەشێکی لانیکەمی خواستەکانی خەڵک بەجێبێنێ، دەبێ وای لێبێت، خەڵک بپرسی ئەوە ٣٠ ساڵە چیتان کردووە و کام ئاواتتان هێناوەتە دی؟ بەشێک لەو ٣٠ ساڵە شەڕی ناوخۆیی سەربازی و راگەیاندن بووە، ئێستا وەک کۆن نەماوە و دەیان رۆژنامەنووس و راگەیاندکار و شیکاری سیاسی بە توانا هەن کە سەرکردەکان حزبی و لیدەرەکانیان دەبێ بە هۆشیاری قسەیان بۆ بکەن و لێدوان بدەن.

گرفتە ناوخۆییەکان و نارەزایەتی جەماوەری لە بێ ئاکامی خەباتی ئەو حزبانە دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی ئینشیقاقات

کەوا بوو گرفتە ناوخۆییەکان و نارەزایەتی جەماوەری لە بێ ئاکامی خەباتی ئەو حزبانە دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی ئینشیقاقات، جیا لەوەی کە رێبەرییەکەش لاوازە".

لە بارەی پەیوەندی خۆشیان لەگەڵ هێزە سیاسییەکان گوتی "ئێمە هەر لەسەرەتاوە گوتوومانە دژی هیچ لایەنێکی سیاسی هاوتەریب نین، دوژمنایەتی هیچ هێزێکی کوردی ئۆپۆزسیۆن ناکەین، بەڵام رەخنەمان بەردەوام هەیە لە هەمووان، بە دۆستانەوە، بەو مێتۆدە کە دۆستایەتیمان زیاتر بکەین"، لە بارەی پەیوەندیشیان لەگەڵ دەسەڵاتی باشووری کوردستان فەریقی گوتی "بەهێزکردن و بەرەو پێشبردنی ئەو کیانە و ئەزموونی باشوور بە ئەرکی خۆمان دەزانین و دڵمان پێی خۆشە، ئەگەر رەخنەیەکیشمان هەبێت ئەوە ئاراستەیان دەکەین".

زۆر جار بە ناوی کاری مەدەنی دەیان رێکخراو دروست دەکرێت کەچی لە هەناویدا دەفتەری سیاسی ئەم حزب و ئەو حزب شاراوەتەوە

لەبارەی سەرچاوەی دارایی و چەک و تەقەمەنیش جەختی لەوە کردەوە کە لە هیچ لایەنێکەوە تا ئێستا یارمەتی نەدراون، "لە گیرفانی خۆمان خەرجمان کردووە، چەکمان بەو شێوەیە نییە، بەڵام کەڵک لەو شتە وەردەگرین، کە لەبەر دەستمانە و چەک و پارەشمان لە هیچ کەس و لایەنێک وەرنەگرتووە".

ئێمە دژی لایەنە ئیسلامییەکان نین، بەڵام لەبەرنامەی پارتەکەماندا هاتووە هیچ ئایینێکی سەر زەوی یان ئاسمان مافی دەستێوەردانی لە سیاسەتدا نییە

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە لەگەڵ لایەنە ئیسلامیی و ئایینییەکان پەیوەندییان چۆنە؟ مەسعود فەریقی گوتی "ئێمە دژی لایەنە ئیسلامییەکان نین، بەڵام لەبەرنامەی پارتەکەماندا هاتووە هیچ ئایینێکی سەر زەوی یان ئاسمان مافی دەستێوەردانی لە سیاسەتدا نییە، سیاسەت و دین بە جیاواز دەبینین".

فەریقی ئەوەشی خستەڕوو کە بەنیازن لە شارەکانی باشووری کوردستان جێیەکیان هەبێ و گوتی "هەوڵمان داوە و بەنیازی وەڵامی بەرپرسانین. ئاشکراشیکرد کە لە قەندیل بارەگایان هەیە و گوتی "لەگەڵ PKK پەیوەندیمان نییە و لەو شوێنەی کە بارەگامان هەیە کەسانی سەر بە پژاک دەبینین.

لە بارەی چالاکیشیان لە دەرەوەی وڵات گوتی "لەگەڵ چەند حزبی جیاوازیخوازی ئێران هاوپەیمانین و من جێگری وتەبێژی کۆنگرەی نەتەوەکانی بندەستی ئێرانم، لەلایەکی دیکە جاربەجار هاوکاریمان هەیە و ٩ حزبی رۆژهەڵاتی کوردستان و لەوانە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (کاک عومەر ئیلخانی زادە) و پژاک لە گەڵمانن"، گوتیشی "من پێم خۆشە لەو هەلومەرجە لەبارەدا هێزە سەربەخۆخوازەکان لەبەرەیەکدا کار بکەن، ئەگەر دەرفەت بۆ فیدراڵیخواز و ئێرانچییەکان لە بارە تا بەرە دروست بکەن، ئەوا سەربەخۆخوازەکانیش دەرفەت و ئامادەیی لەباریان هەیە بۆ ئەم هەنگاوە و هیوادارم نوخبەی گەلەکەمان پاڵپشتی کارێکی وەها بێت، بەڵکو لە داهاتوودا پەرلەمانی رۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەبێت و ببێتە خاوەن بڕیار و تەنانەت لەشکرێکی شۆڕشگێڕی و سەربازی لە هەموو لایەنەکان دروستبکرێت، کە پەرلەمان چاودێری بەڕێوەبەرایەتییەکەی بکات و چیتر هێزە سەربازییەکەمان پەرش و بڵاو نەبن".

دروشمی کوردەکانی سوریا لە چاکسازی بۆ رووخانی دەسەڵات دەگۆڕێ

◇ میدیا – رۆژئاوای کوردستان

خۆپیشاندانەکانی سوریا رۆژبەڕۆژ فرەوانتر دەبێ و دروشمی کوردەکانیش لە چاکسازییەوە بۆ "رووخانی دەسەڵات" گۆڕاوە.

لەم رۆژانەی دواییدا پتر لە ٨ هەزار هاوڵاتی سوریا چوونەتە ئەودیو سنووری تورکیاوە و لە ژێر دەواردا دەژین، هاوکات تانکەکانی سوپای سوریا بە شارۆچکەکانی باکووردا بڵاوبوونەتەوە.

هەندێک گەواهیدەر دەڵێن هێزەکانی ئاسایش هاوڵاتیانیان لە بەجێهێشتنی ناوچەی ئیدلب بەربەستکردووە و تەقەشیان لەو کەسانە کردووە کە هەوڵی ئەو کارەیان داوە.

لە هەڵگیرساندنی راپەڕینی دژ بە حکومڕانی سەرۆک بەشار ئەلئەسەد لە ناوەڕاستی مانگی سێی رابردوو تا ئێستا بە زیاتر لە ١٣٠٠ خەڵکی سڤیل و ٣٤٠ کارمەندی ئاسایش کوژراون.

راپەڕینەکان لە ناوچە کوردنشینەکان بەردەوامە و دروشمی کوردەکانیش لە چاکسازییەوە بۆ "رووخانی دەسەڵات" گۆڕاوە. ساڵح موسلم بە ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس (ئاکانیوز)ی راگەیاند، دەبێ دەسەڵاتی ئێستای سوریا بڕوات و کوردانی سووریا ببن بە خاوەنی ناسنامەی خۆیان، هەروەها بەشدار بن لە دەسەڵات و دەبێت دەستووری ئەو وڵاتە بگۆڕێ و مافی دامەزراندنی حزب و رێکخراوی مەدەنی جێگیر بکرێ". گوتیشی "ئێستا سەرجەم جەماوەری سوریا و پارتە کوردییەکان سەرپەرشتیی خۆپیشاندانەکان دەکەن تا بەهێمنی بەڕێوە بچێ، پێویستە هێزە تەناهییەکانیش لەو وڵاتە بێنە ژێر باڵی خۆپیشاندەران، نەوەک خۆپیشاندەران سەرکوت بکەن".

ئەحمەد دەنیز: BDP نوێنەری گەلی کوردە لە تورکیا

◇ میدیا - باکووری کوردستان

ئەحمەد دەنیز وتەبێژی فەرمیی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەرپرسی پەیوەندییەکانی PKK سەرەڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی و پارتەکەی بۆ بەدەستهێنانی (٣٦) کورسی پەرلەمانی تورکیا لەلایەن BDP ـەوە، ئاماژەی بەوە دا کە BDP رادەسپێرێت، بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری کورد لە تورکیا. دەنیز لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (شەرقولئەوسەت) رایگەیاند "گەلی کورد سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیادا بەدەستهێنا، ئەم سەرکەوتنەش دوا سەرکەوتنی گەلی کورد نابێت لە تورکیا"، گوتیشی "ئەو سەرکەوتنە دەستکەوتێکی گەورەیە بە هیمەت و ئیرادەی دەنگدەرانی کورد بەدیهاتووە، ئەوەش سەرەڕای ئەو هەموو فشار و پێشێلکارییانە دێت، کە دەرهەق بە لایەنە کوردییەکان و کاندیدەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا پەیڕەو کرا".

دەنیز ئەوەشی خستەڕوو کە ئەو سەرکەوتنە بەرپرسیارێتی گەورە دەخاتە ئەستۆی BDP و گوتی " BDP دەبێتە نوێنەری گەلی کورد لە تورکیا، بۆ داکۆکیکردن لەسەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی گەلی کورد لەو وڵاتە".

سێ هاوڵاتی کورد بە 15 ساڵ زیندانی سزا دەدرێن

◇ میدیا – رۆژهەڵاتی کوردستان

سێ هاوڵاتی کوردی خەڵکی بۆکان بە ناوەکانی عەبدوڵڵا خوسرەوزادە، حیسام محەممەدی و هێمن مەحموود تەختی کە ماوەی بیست مانگە دەستبەسەرن، بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ گروپە ئایینییەکان هەر کامیان پێنج ساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە. ئەو سێ هاوڵاتییە ئێستا لە زیندانی رەجایی شاری کەرەجن و بە پێی ئەو حوکمە دەبێ زیاتر لە ٣ ساڵی دیکەش لە زینداندا بمێننەوە. روون نییە ناوبراوان بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ کام گروپ و رێکخراوی ئایینی گیراون.

لە لایەکی دیکەوە لە درێژەی گوشاری سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ئێران، مستەفا دانێشجوو، کە پارێزەرێکی چالاکی مەدەنییە ئێوارەی رۆژی چوارشەممە ٢٨ی بانەمەڕ، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە، لە شوێنی کارەکەی دەستبەسەر کراوە و دواتر بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراوە. هەر لەو ماوەیەدا سیامەک سۆهرابی خوێندەڤانی زانکۆی پیشەیی شەریف، لەلایەن لقی ٢٦ی دادگای شۆڕش بە تاوانی کۆبوونەوە و هەوڵدان بۆ کاری دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی رووبەڕووی سزای هەڵواسراوی پێنج ساڵ زیندان بووەوە. جێی بیر هینانەوەیە لە دوای کۆبوونەوەکانی ٢٥ی رێبەندانی ساڵی رابردوو لە زانکۆی پیشەیی شەریف، عەلی ئەکبەر محەمەدزادە، سەرۆکی ئەنجومەنی ئیسلامی خوێندکاران دەستبەسەر کراوە و تا ئێستا ئازاد نەکراوە.

سەرکەوتنەکانی باکووری کوردستان و بزواندنی جارێکی دیکەی هەستی کوردبوون لە باشووری کوردستان



رابەر رەشید

ئــەو راســتییەی بەرەوپێشــچوون و سەرکەوتنەکانی کوردان لە باکووری کوردستان و لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەدەستیانهێنا، جارێکی دیکە ئەوەیان سەلماندەوە کە پرۆسەی سیاسیی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە باکووری نیشتمانە داگیرکراوەکەی بە ئاقارێکی واقیعیانە و لۆژیکیانە هەنگاو دەنێت و بڕینی هەزارمیلە، کە دەمێکە دەستی پێکردووە و چاوساغانی کاروانەکەش هۆشیارانە لە رێبەرایەتی و رێنوێنی کردندا هەنگاوەکانیان دەهاوێژن.

ئەوەی لە باشووری کوردستان لە ئەنجامی بەدەستهێنانی (٣٦) کورسی لە پەرلەمانی تورکیا لەلایەن کوردانی باکوورەوە بەدەستهات، بینرا و بێ چەندوچوون ئەوەی سەلماندەوە کە لە کاتێکدا لێرە لەم باشووری کوردستانە، خەریکە شەرم لە بەرامبەرەکانمان دەکەین، بەوەی وەکو کوردێک خۆمانیان پێ بناسێنین و وەکو کوردێکی ستەملێکراو و خاک داگیرکراویش پێیان بڵێین: ئەوە لاپەڕەکانی مێژوو، ئەوە جوگرافیا و ئەوە لۆژیک و ئەوە هەموو بەڵگەیەک کە ئێرە و ئەوێ و ئەوولاتریش خاکی کوردانن و بە زۆری زۆردارەکی و بەبێ رەزامەندیی کوردانی باشوور، بە جەستە پینەوپەڕۆکراوەکەی عێراقی عەرەبییەوە لکێنراون و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانیشمان ئەوەندەی خەمی بودجەو دروشم فرۆشی و گەرمکردنی بازاڕی حزبایەتین، نیو ئەوەندە لە کارنامەی کاری خۆیاندا بەلای داکۆکیکردن لە ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستاندا ناچن و هەر بەجارێک ئاینده و چارەنووسی ئەو ناوچانەیان پەراوێز خستووە، نوێنەرەکانیشمان لە بەغدا نووزەیان لێوە نایەت و بۆ جارێکیش نەبوو ببینین کە بایکۆتی بەغدا بکەن و بگەڕێنەوە هەولێر و بە برا چاوڕەشەکانمان بڵێن: ئەوە ئێمەو ئەوەش ئێوە، ئەگەر پێتانوایە چیدی بە خۆگنخاندنی ئێوە، ئێمە فریو دەخۆین، ئەو باوکەتان مرد، یان جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) بە هەرسێ قۆناغەکەی و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، یان ئەوە هەڵوێستی ئێمە، بەڵام بەینی خۆمان بێ،

جارێکیش نەبوو ببینین کە بایکۆتی بەغدا بکەن و بگەڕێنەوە هەولێر

ئەمەش مرۆڤی بەهەڵوێستی خۆی دەوێ، نەک گەمە!! لێ ئەوەی لە (٦/١٢) لە باکوور روویدا، جارێکی دیکە شەقامی باشووری کوردستانی هەژاندەوەو لە سووڕی متبووندا رایچڵەکاندین: ئەوەتە پەرلەمانتارێک پڕ بە گەرووی دەڵێ: باکوور دەروازەی رزگاربوونی باشووریشە. ئەو دڵخۆشییەی سەرکەوتنەکانی باکووری کوردستان لە شەقامی باشووری کوردستاندا هێنایەئاراوە، بزواندنێکی هەستی نەتەوایەتییە لە سەرووی هەست و بەرژەوەندیی حزبایەتییەکی بەرژەوەندخوازانەوە. بۆیە زۆر پێویستەو ئەرکێکی هەنووکەیی و هەرە لە پێشە کە پەرلەمانی کوردستان، بوێرانە پرۆژەی سازدان و ئامادەسازیی جەماوەری بۆ هەر گۆڕانکاری و پێشهاتێک لە رووی نەتەوایەتییەوە بخاتە نێو واری گفتوگۆ لەسەرکردنی جەماوەریانە، کە پێموایە ئەمە لە رووی یاسایی و دەستووریشەوە دژ و ناکۆک نییە کە پەرلەمان هەوڵی هۆشیارکردنەوەو ئامادەسازیی لەوجۆرە بدات، چونکە زۆر هەنگاوی دیکە بە پاساوی پابەندبوونمان بە دەستووری عێراقی لە بێشکەدا زیندەبەچاڵ دەکرێت. بۆیە دەڵێم سازدانی جەماوەری، چونکە تەنها جەماوەر دەتوانێ پەیامی خۆی، وەکو هەڕەشەیەک بگەیەنێتە سەرجەم لایەنە بڕیار بەدەستەکان، ئەمە ئەگەر حزب لێی بگەڕێت!!

ئەوەی لەم قۆناغەشدا درەنگەو زوو نییە هەڵپەی بۆ بکرێت و هەنگاوی دڵسۆزانەی بۆ بنرێت، دووبارە ژیاندنەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆمە و گیان کردنەوەبەری و بەردەوامی پێدانیەتی، دیسانەوە دەڵێم: بەدەر لە راسپاردە و رێنمایی و ئامۆژگاری کردنی حزب، چونکە ئەزموونی ساڵانی رابردوو سەلماندوویانە کە لە باشووری کوردستان، ئەقڵی حزب تووشی چەقبەستن و دۆگما هاتووە و تەنها بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبینێت و چش لە مرۆڤەکان و ئایندەی نەتەوایەتیش.

کەرکوک... لە نێوان کێشەو چارەسەر

عومەر ئاوارە

کەرکوک شارێکە کە هەموو لایەک چاوی لە سەرێتی بە بێ جیاوازی، چونکە ئەم شارە گرنگی خۆی هەیە لە رووی ئابووری و سیاسییەوە، بەڵام هەمووشیان ناتوانن کێشە و گرفتەکانی چارەسەر بکەن، چونکە بە تەنها کورد نەبێت کە بە پێی مێژوو و بەڵگەنامەکان ئەم شارە شارێکی کوردستانی بووە، خەمی خواردووە، ئەگینا لایەنەکانی دیکە بە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەبێت کە باسی کەرکوکیان بە تام و چێژەوە کردووە، بۆ ساتێکیش لە کێشە و گرفتەکانی ئەم شارەیان نەکۆڵیوەتەوە، لە ئێستاشدا وەکو سەردەمی رابردوو عەرەبە شۆڤینییەکان و گروپە توندڕەوەکان دەیانەوێت ئەم شارە بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و بە ئارەزووی خۆیان بازرگانی بە چارەنووسییەوە بکەن، بەڵام با ئەوە بزانن کە کەرکوک شاری قوربانی و خەباتە، شاری کڵپە و بڵێسەی سەرکەوتن و کوردایەتییە، شارێکی کوردستانییە و تاکو مردن بە کوردستانییەتی خۆی دەمێنێتەوە، ئەو کارە تێرۆریستییانەش کە ناوبەناو لەو شارە دەکرێن، هیچ لە خواست و داواکارییەکانی دانیشتووانە رەسەنەکەی کەم ناکات و ناگۆڕێت، تەنها ئەوە نەبێت کە زیاتر سوورمان دەکات لە سەر پێداگرتن لە سەر جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ی تایبەت بە کەرکوک و شارە دابڕاوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ئەو قەزا و ناحیانەی کە دەکەونە چوار چێوەی "جێگە ناکۆکەکان"ـەوە و بە هۆی سیاسەتی نەگریسی رژێمی بەعسەوە لە هەرێمی کوردستان دابڕاون.

لە لای هەموو لایەک ئاشکرا و روونە کە میللەتی کورد حەزی لە دروستکردنی کێشە نەبووە و هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە لە بری کێشە و گرفت ئارامی و خۆشگوزەرانی هەبێت، بۆ ئەوەی کەس مافی کەسێکی دیکە بە زۆر زەوت نەکات و هەموو لایەک بە بێ جیاوازی لە هەموو بوارەکاندا یەکسان بن، بە تایبەت لە کەرکوکی دڵی کوردستان، بەڵام ناحەزان و نەیارانمان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە مەترسی و کوشتن لە ناو هاوڵاتیانی ئەم شارە بڵاو بکەنەوە لە پێناو بەرپاکردنی فیتنەیی لە نێوان پێکهاتەکانیدا و لە ناوبردنی برایەتی و ئارامی و نوقم کردنی کەرکوک لە دەریای ئاژاوەگێڕیدا، بەڵام ئەوە نازانن کە هێزی خەڵکی کەرکوک لە هێزی ئەوان بەهێزتر و پتەوترە و هەرچەندی هەوڵبدەن کە پارچەپارچەی بکەن، بەڵام پارچە ناکرێت لە بەر ئەوەی کەرکوک شاری پێکەوەژیانە بە فۆرمی کوردایەتی و ئەوانەشی کە لە سەر خاکەکەی دەژین وەفایان بۆی هەیە و تاکو ماون لە بەرامبەر کارە قێزەونەکانی ئەوان چۆک دانادەن.

دەبێت سەرۆکایەتی کوردستان بزانێ کە کەرکوک پێویستی بە ئەوانە نەک بە حکومەتی عێراقی

ئەو رێگەیانەی کە لە ئێستادا تیرۆریستان گرتوویانەتە بەر، رێگەیەکە نە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و نە مرۆڤایەتی پشتگیری لێدەکەن و بە رێگەیەکی نالەبار و قێزەوەن وەسفی دەکەن، چونکە تیرۆریستان مەبەستییان ئەوە نییە کە کێشەی کرکوک یەکلا بکەنەوە، بەڵکو مەبەستییان ئەوەیە کە کێشەی کەرکوک فراوانتر بکەن، بۆ ئەوەی خواستە گڵاوەکانیان تێدا بێتە دی، لە بەر ئەوەی ئەو تیرۆریستانە نە جێگەیان هەیە و نە پێگەش، نە دینیان هەیە و نە نیشتمان، تەنانەت ناتوانن لەگەڵ شەقامدا رووبەڕووی ئاشکرا ببنەوە، چونکە هیچیان پێنییە و پێیان ناکرێت، بۆیە پەنا دەبەنە بەر کاری تیرۆریستی و خوێنڕژاندنی هاوڵاتیان، چونکە تاقە چەکی دەستیان ئەم کارە نامرۆڤانەیە، ئەوان لە چەشنی شەمشەمە کوێرە کارەکانیان ئەنجام دەدەن و وا دەزانن بە ئەنجامدانی ئەم کارانە سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، بەڵام نازانن لەگەڵ ئەنجامدانی هەر کارێک شکست دەهێنن و روویان بەرامبەر مرۆڤایەتی و مێژوو رەش دەبێت. بۆیە پێویستە لە سەر خەڵکی کەرکوک کە سڵ لەو جۆرە کارانە نەکەنەوە و ئەو راستیانە بزانن کە پاراستنی دەسکەوتەکان بەندە بە یەکبوون و یەکهەڵوێستی و برایەتی، لە بەر ئەوەی ئەو تیرۆرستانە نە بروایان بە یەکبوون هەیە و نە چاویان پیا هەڵدێت، دەبێت خەڵکی کەرکوک کارێک بکەن شکست بە ئامانج و پلانی ئەو تیرۆرستانە بهێنن و لە شارەیان دوریان خەنەوە چونکە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم شارە لە لای خەڵکە رەسەنەکەیەتی، نەک تیرۆریستان و عەرەبە شۆفینییەکان کە لە ئێستادا بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە کەرکوک عێراقییە و دەبێت لە چنگی داگیرکەران دەربکرێت، بەڵام مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم شارە هی کێیە و کێ داگیرکەرە و کێ دڵسۆزیەتی و کێش ناحەزیەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئەوە بێت کە کەرکوک لە ئێستادا پێویستی بە ئەوان هەیە نەک بە حکومەتی عێراقی، چونکە حکومەتی عێراقی ئەگەر بۆی بکرێت وەکو سەردەمی رژێمی بەعسی گۆڕپەگۆڕ ئەو شارە تەعریب دەکاتەوە و کوردەکانی ئەو شارە سەر لە نوێ ئاوارە دەکاتەوە، وەک لە ئێستادا چەندەها پیلان بۆ ئەو مەبەستە لە ئارادایە و لە هەوڵی ئەوەدان جێبەجێی بکەن، بەڵام بۆیان ناکرێت، کەرکوک وەک ئامازەم پێدا شارێکی کوردستانییە، موڵکی کوردستانە و نابێت پشتگوێ بخرێت، دەبێت بە هەموومانەوە هەوڵی ئەوە بدەین ئەم شارە بە تەواوەتی لە کێشە و گرفتەکانی رزگار بکەبن، لە چنگی ناحەزان و نەیارانی رزگاری بکەن و بیگەڕێنینەوە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان.

ئەنجامدانی چاکسازی پێویستی بە سزادانی گەندەڵکاران هەیە

هیوا خەلیل عوسمان

بەهۆی ئەوەی لە سەرەتای ئەم ساڵەدا رەوشێکی تایبەت هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بە جۆرێک کە ناڕەزایی و نیگەرانی هاوڵاتیان لە بەرانبەر ئەدای کاری حکومەت و بوونی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی گەیشتە ئەو ئاستەی خەڵکی برژێتە سەر شەقام و داواکاری گۆڕینی رەوشەکە وەکو پرۆژەیەک پێشکەش بە دەسەڵات بکەن. بەو هۆیەشەوە پەرلەمان و حکومەت و لایەنە سیاسسییە باڵاکان کەوتنە خۆیان و بەڵێنی ئەنجامدانی چاکسازی و بە شەفافیکردنی کارەکانی حکومەت و دوورخستنەوەی دەستی حزبیاندا لە ئەدای حکومەت. ئەم هەنگاوە بۆ خۆی جێگەی خۆشحاڵی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بوو بەگشتی، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوودا دەیان بەڵێنی لەو جۆرە دراون و دواتریش هیچیان لێ جێبەجێ نەکراوە، بۆیە هاوڵاتیان مافی خۆیانە لەنێوان خەوف و رجادا بژین، ئەوەی لەکاتی ئێستاشدا هەستی پێدەکرێت، هەوڵدانە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە چاکسازییەی کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئازاری رابردوودا رایگەیاند، لەماوەی چەند رۆژی رابردووشدا ئەنجامی قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی ئەو پرۆژە چاکسازییە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە راگەیاندرا. رەنگە ئەمە وەکو هەنگاوی سەرەتایی مایەی دڵخۆشی بێت، بەڵام ناکرێت چاکسازی ئەنجامبدرێت بێ ئەوەی ئەو بەرپرس و لایەنانەی تێوەگلاون لە گەندەڵی سزا نەدرێن، بگرە لەوەش زیاتر پێویستە لەگەڵ سەندنەوەی ئەو سامانە گشتیانەی لەلایەن هەر کەسێکەوە بردراوە ئەوا قەرەبووی بردنی ئەو سامانەش لەو کەسە بسەندرێتەوە چونکە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کە ئەو سامانە گشتییە بە ناهەق لای کەسێک یاخود لایەنێک بووە، ئەوا دەتواندرا بۆ مەبەست و سوودی گشتی تێکڕای خەڵکی کوردستان بەکاربهێندرابا. بە واتایەکی دیکە گەڕاندنەوەی زەوی موساتەحە و پڕۆژەی وەهمی و ڤێلا و باڵاخانە و سامانی دیکەی بردراو بۆ خەزێنەی وڵات بە تەنیا بەس نین، ئەگەر لێپرسینەوەی توند لەگەڵ ئەو کەسانە نەکرێت کە بۆ ماوەی دەیان ساڵە دەستیان بەسەر ئەو سامانە بردراوەی ئەو وڵاتەدا گرتووە.

ئەگەر ئاوڕێک لە بیست ساڵی رابردوو بدەینەوە و هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنانە بۆ داهات و توانا ماددی و مرۆییەکانی هەرێمەکەمان بکەین، ئەوا دەبینین لەگەڵ ئەو خزمەتەی پێشکەش کراوە، بەڵام هاوڵاتیان لە سەرتانسەری هەرێمی کوردستان لە چ ژیانێکی سەختدا ژیانیان بەسەر بردووە بەهۆی خزمەتنەکردنی پێویست و بوونی گەندەڵی. ئەگەر لایەنە سەرەکی و پێداویستیی رۆژانە وەربگرین، ئەوا دەبینین لەماوەی ئەو ساڵانەی رابردوودا چۆن هاوڵاتیان ناچار بوون بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکی روو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکەن، لەکاتێکدا دەکرا لەناوخۆی وڵاتدا چارەسەری پێویستی پێشکەش کرابا. یاخود منداڵانی ئەو وڵاتە چۆن لە قوتابخانەیەکی گونجاو و دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنیان بێبشەکراون. یاخود چۆن فەرمانبەرێکی حکومەت لەماوەی بیست ساڵ یاخود زیاتر خزمەتکردنی نەبۆتە خاوەنی پارچەیەک زەوی، کەچی لە بەرانبەریشدا دەیان و سەدان دۆنم زەوی بۆ پڕۆژەی وەهمی وەرگیراون و دواتریش فرۆشراونەتەوە. یاخود چۆن لە ماوی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا هاوڵاتیان وەکو دەڵێن دادیان بووە لە دەست نەبوونی کارەبا و لە بەرانبەریشدا بوونی کارەبای بەردەوام بۆ شوێنانی دیکە لەکاتێکدا ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار لە داهاتی وڵات بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و بەرەو پێشبردنی رەوشی کارەبا تەرخانکراوە. ئەوانە هەمووی مشتێکن لە خەروارێک و هاوڵاتیانیش دەتوانن سەدان نموونەی دیکەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە بوارە جۆربەجۆرەکانی دیکەی هاوشێوەی ئەو نموونانەی سەرەوە بدەن بەدەستەوە. باشە سەندنەوەی زەوی مساتەحە و پڕۆژەی وەهمی و لابردنی کەسانی گەندەڵ لە پۆستەکانیان بەتەنیا دەکرێت ناوی بنێین ئەنجامدانی چاکسازی بێ ئەوەی لانیکەم ئەو کەسەی زەوییەکەی داوە و ئەوەشی وەریگرتووە سزای یاسایی خۆیان وەرنەگرن!؟ چونکە وەکو ئاشکرایە ئەو گەندەڵییانەی لەماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوو لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە، هەمووی دەکەوێتە چوارچێوەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و خواردن و بەفیڕۆدانی ماڵی گشتی، هەمووشمان دەزانین لە دواکەوتووترین وڵاتی دونیا یاسای تایبەت بە سزادانی ئەو بەرپرس و لایەنانە هەیە کە تێوەدەگلێن لەخواردن و بەفیڕۆدانی ماڵی گشتی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

hewa.khalel@yahoo.com